## بانگەوازێك بۆ خەڵكی بە شەرەفی كوردستان لە هەر شوێنێك هەن

# با دژی هاتنی جەندرمەكانی تورك بین

**ڕۆڵە بە شەرەفەكانی كوردستان**

**نوسەران و ڕۆشنبیرانی نەتەوەی كورد**

**هەروەك لاتان شاراوە نیە كە ڕژیمە كۆنە پەرست و دژە كوردەكەی توركیا ماوەیەكە دەیوێت لەڕێی سود وەرگرتن لەو تەنگەژەیەی كە بۆ عێراق و ناوچەكە بەرێوەیە پیلانی گلاَوو شۆڤینیانەی خۆی بباتە سەرو كوردستانی عێراق داگیر بكات و ئەو ئازادیەی كە لە سایەی ڕا پەڕینی مەزنی خەڵكی كوردستان لە 1991 هاتە دی زەوت بكاتەوە و كوردستانی عێراق وە كوردستانی توركیا زەلیل و ژێر دەستە بكات و جارێكیدیكە كورد بۆ سەردەمی تاریكی و ژێردەستەیی بباتەوە. حكومەتی توركیا لەم بارودۆخە هەستیارەدا ئەگەر مەبەستی داگیر كردنی خاكی پیرۆزی كوردستان نیە بۆ چی هێندە باس لە ناردنی هێزی سەربازی بۆ گوردستان دەكاتەوە، مێژوو شاهێدە كە سوپای تورك بە مەبەستی داگیر كاری و زەلیل كردنی نەتەوەكانی دیكە نەبووبیٚ بۆ هیچ مەبەستێكی دیكە ڕووی لە هیچ شوێنێك نەكردووە. ڕژێمی توركیا بیٚ گوێدانە هیچ عورفێكی ئینسانی و نێودەوڵەتی دەیەوێت بە سود وەرگرتن لەو زەرفەی كە بۆ ناوچەكە هاتۆتە پێشیٚ ڕق و قینەی خۆی بە سەر ئەو هەرێمە ئازادكراوەی كوردستاندا بڕژێنیٚ كە بۆ ماوەی 12 ساڵە دوورە لە چەكمەو پۆستاڵی ڕەشی بەعسیان. ئەم مەرامەی توركیا دەچێتە خانەی پێشێل كارییەكانی مافی مرۆڤ ورێزنەگرتن لە هەستی دراوسێیەتی و ئەوەش بە هیچ شێوەیەك خزمەت بە ئایندەی دۆستایەتی گەلانی ناوچەكە تەواو نابیٚ.**

**بەڕێزان ئەوە ئەركی گەورەو سەرەكی سەرشانی هەموو لایەكمانە كە بە هەرشێوەیەكی خەبات و تێكۆشان پێمان بكرێت بێینە مەیدان و لە بەرامبەر مەرامی داگیركارانەی توركیا بۆ ولأتەكەمان بیٚ دەنگ نەبین. بۆیە داواكارین :-**

**1- ڕۆڵە بەشەرەفەكانی كورد لە دەرەوەی ولاَت لە تێكۆشانی بەردەوام بن بۆ ئەوەی لەرێگەی گوشار خستنە سەر ناوەندەكانی بڕیار بەدەستی ولاَتانەوە دەنگی ناڕەزایی بەرامبەر بەو مەرامانەی توركیا لە داگیر كردنی خاكی پیرۆزی كوردستان بەرز بێتەوە.**

**2- هەموو هێزە سیاسیەكانی كوردستان بە جیاوازی خەتی سیاسی و ئایدیۆلۆژیانەوە یەك دەنگ بن لە بەرامبەر ڕەتكردنەوەی ئەم مەرامە نا پاكانەی توركیا.**

**3-خەڵكی بە شەرەف و بەش مەینەتی كوردستان بە جیاوازی ئاینی و نەتەوەیی و مەزهەبیەوە دەنگی ناڕەزایی هەڵبڕن.**

**4- هەموو نوسەران و ڕۆشنبیرانی نەتەوەی كورد بە نوسیین و ئاگاداركردنەوەی دام و دەزگا نێودەوڵەتییەكان و ڕێكخراوەكانی كۆمەلی مەدەنی و ڕێكخراوەكانی مافی مرۆڤەوە گوشار بۆ توركیا بهێنری٘ كە سوپا داگیر كارییەكەی نەهێنێتە ناو كوردستانەوە.**

**بۆ ئەم ئاما نجە پیرۆزە دەستی ماندوونەناسی هەموو لایەكتان دەگوشین و كوردو كوردستان چاوی لە هەموو لایەكمانە و با دژی هاتنی جەندرمەكانی تورك بین.**

**كۆمەلێك ڕۆشنبیری باشوری كورستان**

2003/2/18

**تێبینی كوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیر و بۆچونی نەتەوایەتیماندا بێت، كە بۆچونە (كوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەكەینەوە. لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتكارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێكدا دەنووسرێت..... 2003-1-15